# من له خه‌ونه‌كانی ئه‌وینی خۆم تێناگه‌م

لاررزۆ به‌كر

پێ له‌سه‌ر ئه‌م گه‌ڵایانه دامه‌نێ
با له‌وه زیاتر زویرنه‌بم
ئه‌م گه‌ڵایانه له‌ته‌نیایی
هاورێم بوون ...
له‌برسیه‌تی خۆراک
له كاتی خه‌وتنیشدا
پێخه‌فم بوون ،
ده‌ستیان لێ مه‌ده با
هه‌ڵ نه‌وه‌رێن ئه‌م گوڵانه
هه‌موویان ناسک...ناسک
ناسک تر له‌خۆم
وه‌ک ئه‌م كاته‌ی فیلمی ( ئاوازی قاز )م دی
ناسک وه‌ک
به‌رگه هه‌نارو گه‌ڵازه‌رده‌كانی ژوره‌كه‌م.
پرسیار مه‌كه‌و مه‌ڵێ
عه‌شق چی باسه ؟
من له جه‌نگ دام
له‌گه‌ڵ خۆمو عه‌شق و غوربه‌ت
زۆر ده‌مێكه من له‌جه‌نگ دام
له‌گه‌ڵ بونوو نه‌بوون ، نه‌بونوو بوون
من و مه‌حاڵی گه‌ڕیده‌یه‌كین
گه‌ڕیده‌یه‌كین بێ ڕابردوو بێ ئاینده
من گه‌لێ جار ( ئایدیال )م داوه له خاچ
هه‌ربۆ ئه‌وه‌ی نه‌بوون بۆ بوون بسه‌لمێنم
من به‌رده‌وام ( مه‌تریال ) لێک ده‌سازێنم
هه‌ربۆ ئه‌وه‌ی بوون بۆ نه‌بوون بسه‌لمێنم ،
من تێ ناگه‌م به‌به‌رده‌وام

ئایندەو من
من و خەون
عەشق و  من
قەت هەڵناکەین
من لە  خەونەکانی ئەوینی خۆم تێ ناگەم
هەربۆیە چەمی درەختی سەرتان
نەدەهێڵم وشک بکەن نە ئەوەتا بالاًبکەن.
هاورێ دووا تابلۆشم ناو نا سەفەر
ئەو سەفەری دەیان گریان و نەهامەتی گرتۆتەخۆ
پەشی مانم بۆ ئەو گریانای کە بۆی نەگریام
بۆ ئەو خەندانەی کە گریام بۆی ،
هەرزە بووم و خەونەکانم لەماڵی دڵ
سەرەو خواری هەڵ دەواسی
ئایندەشم  لە یاد نەبوو
خەم و غوربەت بەهەردووکیان نەستیان گەستم
نە توانیم درەختێ بم بۆ ئەوین و
نە توانیم ئایندەبم بۆ داهاتو .

050128

larzobaker@hotmail.com

*مەتریالیست...لەبونەوە دەچێ بۆ هۆش
*ئیدیالیست...لەهۆشەوە دەچێ بۆ بون
ئاوازی قاز( هەڵ هاتن بەرەو تاریکی ) درامایەکی فارسیە وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی نوسینی سیناریوکەی (سەعیدی ئەسەدی )لەلایەن  گروپی زریانی پارسا .